# ژمارەی گەشتیاران بۆ وڵاتی تونس ئاستێکی پێوانەیی تۆمارکرد



بەڕێوەبەری فەرمانگەی گەشتوگوزاری تونس، حلمی حوسێن ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە ژمارەی گەشتیاران کە لە ساڵی 2024 دا ڕوویان لە وڵاتەکەی کردووە گەیشتووەتە ئاستێکی پێوانەیی و بۆ یەکەمجار 10 ملیۆن گەشتیاری تێپەڕاندووە لە ماوەی ساڵێک.

کەرتی گەشتیاری کە بە کەرتێکی گرنگ دادەنرێت لە وڵاتی تونس لە باکووری کیشوەری ئەفریقا، بە بەراورد بە ساڵی 2023 گەشەی بە ڕێژەی 9% بەدەستهێناوە و ژمارەی گەشتیاران بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، تا 20ـی کانوونی یەکەمی 2024، گەیشتووەتە 9 ملیۆن و 860 هەزار گەشتیار.

حلمی حوسێن لە لێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆی تایبەتی مۆزاییک گوتوویەتی: "ئەمڕۆ 30ـی کانوونی یەکەمی 2024، دە ملیۆن گەشتیارمان تێپەڕاند کە ئەمە ڕیکۆردێکی ئەوها یە بۆ وڵاتەکەمان لەڕووی سەردانی گەشتیارانەوە".